# ئاوازی شیعریی لای ڕاجی

**سعد فاروق یوسف، نوزاد وقاص سعید**

بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە-** ڕاجی لە هۆنراوەکانیدا ئاوازێکی شیعری جوانی بەرجەستە کردووە، بە تایبەتی لە رووی ئاوازی دەرەوەی شیعرەکانیدا بەمەش شیعرەکانی لە رووی کێش و سەرواوە جۆراوجۆرن و ئاوازێکی ڕازاوەی بە شیعرەکانی بەخشیووە، هەروەها ئاوازی ناوەوەشدا شیعرەکانی ڕاجی ئاوازێکی جوان و هەمەڕەنگی بە شیعرەکانی بەخشیووە. ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکی و ئاوازی دەرەوە و ناوەوە پێکهاتووە، کە لە ئاوازی دەرەوە باس لە کێش و سەروا کراوە، کە بەزۆری پەیرەوی کێشی عەرووز کراوە لە شیعرەکانیدا بە تایبەتی کێشی هەزەج و ڕەمەل و رەجەزو موزاریع وبەسیت و سەریع و موتەقاریب، هەروەها کێشی بڕگەشی بەکارهێناوە بەتایبەتی کێشی بڕگەی 8 و 10و 14)، هەروەها یەکێتیی سەرواو و سەروای هەمەرەنگ بەتایبەتیش سەروای مەسنەوی و تەشتیرو سەروای دووبارەو چوارین و پێنجی بەکارهێناوە، هەروەها لە ئاوازی ناوەوەش پاتکردنەوەی بەکارهێناوە بەتایبەتی پاتکردنەوەی دەنگ و ووشە .

**کلیلە ووشەکان-** ئاوازی شیعریی، ئاوازی دەرەوە، ئاوازی ناوەوە، رەوانبێژی، کێش و سەروا.

## پێشەکی:

ئاواز ڕەگەزێکی گرنگی پێکهاتەی شیعرەو سازگاری و ڕەوانی بە شیعر دەبەخشێت، وا لە وەرگر دەکات کارتێکراو بێت بە وشەو دەربڕینەکانی شیعرەکە، ئاواز لە شیعردا ئاوێتەی ڕەگەزەکای تری شیعر دەبێت و کار لەیەك دەکەن و پێکەوە جوانی شیعرەکە بەرجەستە دەکەن و هەست و سۆز بە وشەو دەستەواژەکانی شیعرەکە دەدات و دواتر چێژ بە وەرگر دەبەخشێت.

**لایەنی تیۆری توێژینەوەکەمان بەم خالانە دەخەینەڕوو:**

**1-هۆی هەڵبژاردنی ناونیشانی توێژینەوەکە:**

هۆی هەڵبژاردنی ئەم توێژینەوەیە بۆ تیشک خستنە سەر ئاوازی شیعرییە لای ڕاجی ، لەبەر ئەو داهێنانەی کە ڕاجی لەڕووی ئاوازەوە لە شیعرەکانی ئەنجامی داوە ، ئەمە لە لایەک و لە لایەکی دی بەشێوەیەکی ئەکادیمی لەم بوارەدا شتی لەسەر نەنوسراوەو ئەگەر شتێکیش هەبێت ، ئەوە لە ژێر ناوی دی یان لە چوارچێوەی بابەتەکانی دیکەدا لێی کۆڵدراوەتەوە.

**2-ئامانجی توێژینەوەکە :**

شیکردنەوەی شیعرەکانی ڕاجی یە لەڕووی ئاوازی شیعریەوە ، کە ئاوازی دەرەوەو ناوەوەی شیعرەکانی دەگرێتەوە .

**3-گرنگیی توێژینەوەکە :**

گرینگی توێژینەوەکە لەوەدایە کە بەشێوەیەکی زانستی و ئەکادیمی لە ئاوزازی شیعری شیعرەکانی ڕاجی دەکۆڵێتەوە بەو نیازو مەبەستەی لەچوارچێوەی ئاوازی شیعرەکانیدا کارێکی هونەری پوخت و جوان بەدەست بهێنین .

**4-گرفتی توێژینەوەکە :**

گرفتی سەرەکی کەمی توێژینەوەو سەرچاوەی زانستی بووە دەربارەی ڕاجی شاعیر.

**5-ڕێبازی توێژینەوەکە :**

لەم توێژینەوەیەدا (ڕێبازی وەسفی شیکاری) پەیڕەوکراوە.

**6-پلانی توێژنەوەکە :**

جگە لە پوختەو پێشەکی بەشێوەیەکی گشتی توێژینەوەکە لە دوو بەش و ئەنجامەکان پێکهاتووە لە بەشی یەکەمدا باسی پێناسەی ئاوازی شیعرو ئاوازی دەرەوەی شیعرەکانی ڕاجی کراوە ، لە بەشی دووەمدا باسی ئاوازی ناوەوەی شیعرەکانی ڕاجی کراوە لەگەڵ گرینگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکەش کە لە چەند خاڵێک خراونەتە ڕوو لەگەڵ لیستی سەرچاوەکان.

### ئاوازی شیعریی لای ڕاجی

ئاوازی شیعر لە ناخی شیعرەکەدایە و هەڵقوڵاوی هەست و سۆزی شیعرەکەیە بۆیە بە یەکێك لەو کەرەستە سەرەکیانەی شیعر دادەنرێت ، کە کاردەکاتە سەر هەست و سۆزی وێنە ، کەواتە پەیوەندیەکی بەهێز لەنێوان شیعر و ئاوازەکەیدا هەیە. (ئەگەر شیعر مۆسیقای نەبیت، کاریگەری لەسەر خوێنەر نابێت چونکە مۆسیقا لایەنێکی گرنگە لە شیعرداو، نەبوونی شیعرەکە لاواز دەکات)(انیس، 1973، ص17)، واتە وشەکانی هۆنراوە بەهۆی ئاوازەوە بەرجەستە دەبن هەرچەندە هەریەکە لە سۆزو

مجلة جامعة التنمية البشرية

المجلد 12، العدد 3(2026)؛ عدد الصفحات (11)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v12n3y2026.pp100-110

ورقة بحث منتظمة: أُستلم البحث في 9 تشرين الأول 2025؛ قُبل في 23 تشرين الثاني 2025؛ نُشرت في 22 تموز 2026؛

البريد الإلكتروني للمؤلف : saad.yousif@su.edu.krd, nawzad-saeed@su.edu-krd

حقوق الطبع والنشر ©2026 سعد فاروق يوسف، نوزاد وقاص سعيد. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

ئەندێشەش کە لە ڕەگەزەکانی شیعرن، بەڵام بەبێ ئاواز کاریگەری نامێنێت , بۆیە هەر لە بارەی گرنگی و ڕۆڵی مۆسیقاو لە شیعردا (نازک الملائکە) دەڵێت: (هەر چەندە شاعیر وێنە و سۆز کۆ بکاتەوە نابنە هۆی دروست بوونی شیعر بە تەنها بەڵام ئەگەر مۆسیقای تێدا پەیرەو کرا ئەوا شیعریەت دەخولقێنێت )(الملائكة، 1965، ص225)،کەواتە مۆسیقا ڕەگەزێکی سەرەکی و پێویستە لە شیعردا بەبێ ئەو زمانی شیعر پێک نایەت، هۆکارێکی بنەڕەتیە لە جیاکردنەوەی شیعر لە پەخشان و قسەی ئاسایی ، بۆیە هەموو دەربڕینێک لەشیعردا پێویستە ئاوازێکی هەبێت ئەگەر ئەو ئاوازەی نەبێت ئەوە لەقسەکردنی ئاسایی بەولاوە هیچی تر نیە، کەواتە ئاوازی شیعر شتێکی نامۆنیە بە شیعرەکە، بەڵکو لە ناخی شیعرەکەدایە ڕەنگدانەوەی هەست و سۆزی شاعیرەکەیە . لە ڕەخنەی هاوچەرخدا ، کە باس لە ئاوازی هەڵبەست دەکرێ، بەشێوەیەکی گشتی دوو جۆر ئاواز دەست نیشان دەکری کە ئەوانیش : (1-ئاوازی دەرەوە ، 2-ئاوازی ناوەوە )

**بەشی یەکەم/ ئاوازی دەرەوە:** ئەو ئاوازەیە، کە هەردوو رەگەزی (کیش و سەروا) بەشداری لە دروستکردنیدا دەکەن (ئاوازی دەرەوەی هەلبەستیش بەهۆی کیش و قافیەوە ئەنجام دەدریت و دەبێتە ئاهەنگی چوارچێوەی گشتی هەڵبەستەکەو سەرجەمی بنیاتەکە دەگریتە خۆی )(علی، 1998، ل87)، بۆیە ئاوازی دەرەوە بەوە پیناسەدەکرێت، کە (هاوسەنگی و ریکەوتنیکی دەنگیە لە نێوان بزواو و نەبزواو پیت و برگە و یەکەکانی ڕیتمدا، بەپێی پێوانەی کۆن و نوێ دەتوانین بەکیش و سەروا دەست نیشانی بکەین )(سعید، 1999، ص16)، کەواتە دەتوانین بلێین ئاوازی دەرەوەی شیعر لەکێش و سەروادا خۆی دەبینێنەوە .

1-**کێش:** هەر لەکۆنەوە چەند بنەمایەك دانراوە بۆجیاکردنەوەی شیعر لەپەخشان، یەکێک لەوبنەرەتە سەرەکیانە هەبوونی (کیش ) ە لەشیعردا واتا یەکیک لەپیکهاتە هەرە گرنگەکانی شیعر (کیش)ە، (کیش هۆنینەوەو گونجانێکی تایبەتیە لە دەنگ، ئەم هۆنینەوەو گونجانەی دەنگەکان لای میللەتانی جیا جیا چەشنە ئاوازو مۆسیقایەک دەردەخات )(شميسا، 1374، ل120)، زمان هۆکارێکی سەرەکیە بۆ دروست بوونی کێش چوونکە زمان خاسیەتی تایبەتی هەیە، جۆرەکیشێکی تایبەتی هەیەو جیایە لەگەڵ کێشێکی زمانێکی دی، بەڵام لەئەنجامی زاڵبوونی وڵاتێک بەسەر وڵاتێکی تر دەبێت لەڕووی ڕۆشنبیری و کۆمەلایەتی و ئاین و ڕەگەزەوە کێشەکە کاریگەری دەکاتە سەر ئەو زمانە یان ئەو نەتەوەیە . بۆیە کێش (بریتیە لە سەرجەمی ئەوپێیانەی دێرە هەڵبەستێک دروستدەکەن، کە لە عەرووزی عەرەبی دا تەفعیلەی پێ دەڵێن) (بیمار، 1992، ل10).

**1-1-کێشی عەرووزی :** زانستی (عەرووز ئەو تەرازووە هونەرییە کە دێرە شیعری دەخرێتە بەر بۆ ئەوەی دڵنیابین کیشەکەی دروستە)(خلوصی، 1974، ص26)، کێشی عەرووزی عەرەبی لەکۆنەوە لەناو شیعری کلاسیکیدا سەری هەڵداوە لە دوای بڵاوبوونەوەی ئاینی ئیسلام پەلی هاویشتۆتە ناو زمانانی تری رۆژهەلاتی ئیسلامی و ئەوانەی موسولمانی نا عەرەبن وەک گەلی کوردو فارس و تورک، کە بەڕێژەیەکی بەرچاو شاعیرانیان ئەم کیشە عەرووزە عەرەبیەیان بەکارهێناوە، شاعیرانی کورد لەکۆنەوە دوو جۆرە کیشیان بەکارهیناوە ئەوانیش کیشی عەرووزی عەرەبی، کە مێژووەکەی کۆنە و لەلایەن (خەلیل کوری ئەحمەدی فەراهیدی )یەوە دۆزراوەتەوە کێشی خۆماڵی نەتەوەییە کەکێشێکی بڕگەی کوردیە پێش بەکارهێنانی کیشی عەرووزی ،کورد لە شیعرو گۆرانیە فۆلکلۆریەکاندا بەکاریان هێناوە .

ڕاجی پەیڕەوی هەردوو جۆرە کێشی کردووە وەکو ڕێژە بە پلەی یەکەم پەیڕەوی کێشی عەرووزی کردوووە چەند شیعرێکیشی بەکێشی خۆماڵی هۆنیوەتەوە بەنموونە دەخەینەڕوو .

**1-1-1-کێشی هەزەج : ڕاجی (٨) قالبی ئم کێشەی بەکارهێناوە لەوانە :**

**1-1-1-1هەزەجی هەشتی تەواو :**

**ئەگەر زول فت/ نەکا جەز بم/ هەوا دا ریم/ لەگەڵ ناکا**

**ب _ _ _/ ب _ _ _/ ب _ _ _/ ب _ _ _**

**ئەگەر با دەش /ب بێ قوڕ بان /کە رەم کا ریم/ لەگەڵ ناکا**

**ب _ _ _/ ب _ _ _/ ب _ _ _/ ب _ _ _**

**مفاعلین مفاعلین مفاعلین مفاعلین**

**1-1-1-2-هەزەجی هەشتی ئەخرەب :**

**وەخ تە لە/ خە فەت بم رم/ هەر چەن دە /کە ئەو سڵ کا**

**_ _ب / ب _ _ _/ _ _ب / ب _ _ _**

**پەر دەی د/ لە کەم شەق بوو/ من ڕەن گە/ کە بێ دڵ کە**

**_ _ب / ب _ _ _/ _ _ب / ب _ _ _**

**مفعول مفاعلین مفعول مفاعلین**

**1-1-1-3-هەزەجی هەشتی موسەبەغ :**

**لە بۆ کوڵ مەت/ بە با رێ نا / زە وە ئەم خا/ لە هەڵ ئەگ رێت**

**/ ب _ _ _ / ب _ _ _ / ب _ _ _ / ب _ _ _ _**

.

**عە جەب ما وم کە جەن نەت بول بو لی بەر دا وە قەل ئەگ رێت**

**/ ب _ _ _ / ب _ _ _ / ب _ _ _ / ب _ _ _ _**

.

**مفاعلین مفاعلین مفاعلین مفاعیلان**

**1-1-1-4-هەزەجی شەشی مەقسوور:**

**کە مەی خا نەی /وی سا ڵت ها/ تە ناو جۆش**

**/ ب _ _ _ / ب _ _ _ / ب _ _ ب**

**کـە یـا رو یـا / وە رت کـر دن / سـەفـا پـــۆش**

**/ ب _ _ _ / ب _ _ _ / ب _ _ ب**

**مفاعلین مفاعلین مفاعیل**

**1-1-1-5-هەزەجی شەشی مەحزووف :**

هه موو عا لەم له رووی بە خ ت و م را ده
/ ب ـ ـ ـ / ب ـ ـ ـ / ب ـ ـ
د لی یا ران به دی دەی شه وق شا ده
/ ب ـ ـ ـ / ب ـ ـ ـ / ب ـ ـ
مفاعلین مفاعلین فعولن

**1-1-1-6-هەزەجی هەشتی ئەخرەبی مەحزووف**

جا نا وه / ره لا ی من/ دا نی شه /که نا رم
ـ ـ ب / ب ـ ـ / ـ ـ ب / ب ـ ـ
بڕ وا نه/ وه فای من/ هەر شی وه/ ن و زا رم
ـ ـ ب / ب ـ ـ / ـ ـ ب / ب ـ ـ
مفعول فعولن مفعول فعولن

**1-1-1-7-هەزەجی هەشتی ئەخرەبی مەکفووفی مەحزووف :**

مەش قی چ/ یه پەر وا نه/ له گەڵ شه و قی/ چ را دا
ـ ـ ب / ب ـ ـ ب / ب ـ ـ ب/ ب ـ ـ
ئەش قی چ/ ڕ وو ه دێ ت و/ ده چێ گیان به/ فه نا دا
ـ ـ ب / ب ـ ـ ب / ب ـ ـ ب / ب ـ ـ
مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن

**1-1-1-8-هەزەجی هەشتی ئەخرەبی مەکفووفی مەقصوور :**

ئەی جیل وه/ ده ری عا له/ می ئەع لا ڕو/ خی گول بووت
ـ ـ ب / ب ـ ـ ب / ب ـ ـ ب / ب ـ ـ
وەی چاره/ سەری عا ش/ قی ڕیس وا سه/ ری گێ سووت
ـ ـ ب / ب ـ ـ ب / ب ـ ـ ب / ب ـ ـ
مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن

**1-1-2-کێشی ڕەمەڵ : ڕاجی (٩) قالبی لەم کێشه بەکار هێناوه :**

**1-1-2-1-ڕەمەلی هەشتی تەواو :**

تاکو تەن یا /دێ مه نا لەو/ باسی دڵ دا/ ڕوو غو لا ما
ـ ب ـ / ـ ب ـ ـ / ـ ب ـ ـ / ـ ب ـ ـ
ئەی خه مه دڵ/ سون ب و ل و گوڵ/ دل ئه بی نێ/ خۆی له جامه
ـ ب ـ / ـ ب ـ ـ / ـ ب ـ ـ / ـ ب ـ ـ
فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن

**1-1-2-2-ڕەمەلی هەشتی مەحزووف:**

بۆ ج یا زی/ کوڵ مه ڕۆ ح و/ دڵ له من دا/ وا ئه کا
ـ ب ـ ـ / ـ ب ـ ـ / ـ ب ـ ـ / ـ ب ـ
ژی ن و عەی شی/ من به یەک دەم/ سەر به سەر یەغ/ ما ئەکا

ـ ب ـ ـ / ـ ب ـ ـ / ـ ب ـ ـ / ـ ب ـ
فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

**1-1-2-3-ڕەمەلی هەشتی مەقصوور**

ئەز ده لیم سێ/ ووت رێ نا /بێژ مه تۆ ئەپ/ ڵ و گ ڕاپ
ـ ب ـ ـ / ـ ب ـ ـ / ـ ب ـ ـ / ـ ب ـ .
من قو تا ب خا/ نەی ئه نوو سم/ گەر ش کۆ لا/ دەن له چاپ
ـ ب ـ ـ / ـ ب ـ ـ / ـ ب ـ ـ / ـ ب ـ .
فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان

**1-1-2-4-ڕەمەلی هەشتی مەشکول :**

له که نا ری/ سه روی دو ل بەر/ به ته لەب س/ که نده رم من
ب ب ـ ب / ـ ب ـ ـ / ب ب ـ ب / ـ ب ـ ـ
له خو ما ر ی / چاو ی شۆ خان / له شه فا ڤی /گو هه رم من
ب ب ـ ب / ـ ب ـ ـ / ب ب ـ ب / ـ ب ـ ـ
فعلات فاعلاتن فعلات فاعلاتن

**1-1-2-5-ڕەمەلی هەشتی مەخبوونی مەحزووف :**

بول بول ی خەس/ تا دلم ها/ ته وه دی سان/ به سه دا
ـ ب ـ ـ / ب ب ـ ـ / ب ب ـ ـ / ب ب ـ
له ره زوو با/ خی رو خی ما /ری ڕه شی پێ/ یه وه دا
ـ ب ـ ـ / ب ب ـ ـ / ب ب ـ ـ / ب ب ـ
فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فعلن

**1-1-2-6-ڕەمەلی هەشتی مەخبوونی مەقصوور :**

گوڵ ته نا مەر/ گی م نت خس/ ته وه سەر بەر/ گی هه نار
ـ ب ـ ـ / ب ب ـ ـ / ب ب ـ ـ / ب ب ـ.
کوا له سا یەی /قه ده مت مەق/ به ره بێ پا/ یی چ نار
ـ ب ـ ـ / ب ب ـ ـ / ب ب ـ ـ / ب ب ـ .
فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فعلان

**1-1-2-7-ڕەمەلی هەشتی مەخبوونی ئەسلەم :**

بێ وه فا یی/ به سه ئەی زوه/ ره که بێ تا / مت کرد
ـ ب ـ ـ / ب ب ـ ـ / ب ب ـ ـ / ـ ـ
موو ش ته ری زەو/ قی دلی ئێ /مه بوو ئیع دا /مت کرد
ـ ب ـ ـ / ب ب ـ ـ / ب ب ـ ـ / ـ ـ
فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فع لن

**1-1-2-8-ڕەمەلی شەشی مەقصوور :**

دول بەری کور دم که دی خوێ نم ب زووت
ـ ب ـ ـ / ـ ب ـ ـ / ـ ب ـ .
روو مه تی جه رگی ک زا ن دم وه ک ب زووت

_ ب _ _ / _ ب _ _ / _ ب _ .

فاعلاتن      فاعلاتن      فاعلان

1-1-2-9-ڕەمەلی شەشی مەحزووف :

بۆ ژیا نی /من بە هە ش تی/ پا نە ماچ

_ ب _ _ / _ ب _ _ / _ ب _

لە و گو ڵ ی کو ڵ/ مەت بە گ یان هەر/ زانە ما چ

_ ب _ _ / _ ب _ _ / _ ب _

فاعلاتن      فاعلاتن      فاعلن

1-1-3-كێشی ڕەجەز : - ڕاجی (٥) قالبی لەم كێشە بەكار هێناوە :

1-1-3-1- ڕەجەزی هەشتی تەواو :

کوڕ گەر هەبن /شاهن هەموو /بۆ عەقل و نوت/ ق و ئ‌ی ه تی دا

_ _ ب _   _ _ ب _   _ _ ب _   _ _ ب _

ڕێ گا وو ڕە /و شت ساز ئە کەن/ هەر وەڵ هەتا / کو ئین تی ها

_ _ ب _   _ _ ب _   _ _ ب _   _ _ ب _

مستفعلن      مستفعلن      مستفعلن      مستفعلن

1-1-3-2- ڕەجەزی هەشتی مەخبوون

چە مە ن هە موو/ گە شا نە وە/ لە ڕەنگ گ و ڕوو ی/ بە ها رەوە

ب _ ب _   ب _ ب _   ب _ ب _   ب _ ب _

گ یان بە تە ن/ بە شا نە وە / لە گە ش تی سەو/ زە زا رە وە

ب _ ب _   ب _ ب _   ب _ ب _   ب _ ب _

مفاعلن      مفاعلن      مفاعلن      مفاعلن

1-1-3-3- ڕەجەزی هەشتی موززال :

کە و توو مە تا/ وی عیش قە وە/ زا ن را وە گەر/ نا بم خە لا س

_ _ ب _   _ _ ب _   _ _ ب _   _ _ ب _ .

بەر بوو لە دڵ/ ئا گر بە تاو/ بی دەر دی سەر/ نا بم خە لا س

_ _ ب _   _ _ ب _   _ _ ب _   _ _ ب _ .

مستفعلن      مستفعلن      مستفعلن      مستفعلان

1-1-3-4- ڕە جەزی هەشتی مەتوی مەخبوون :

دڵ بە رە دە س/ تی دا یە دڵ /لەت لە تی کر/ دو ئەن ج نی

_ ب ب _   ب _ ب _   _ ب ب _   ب _ ب _

تا روو دە ما / ری جە س تە کە م/ ڕ س ت ی پا/ کی پش ک نی

_ ب ب _   ب _ ب _   _ ب ب _   ب _ ب _

مفتعلن      مفاعلن      مفتعلن      مفاعلن

1-1-3-5- ڕەجەزی چواری موڕەففەل :

ئا وا تی مەر گم / شا دیم نە خۆ شی

_ _ ب _   _ _ ب _ _

ڕۆ ژا نی ژی نم / ڕۆ یین بە بۆ شی

_ _ ب _ _   _ _ ب _ _

مستفعلاتن      مستفعلاتن

1-1-4- كێشی موزاریع : ڕاجی (دوو ) قالبی لەم كیشە بەكار هیناوە :

1-1-4-1- موزاریعی هەشتی ئەخرەب :

سا قی لە / پەر دە وە س تا/ دە س تی بە/ با دە دا دا

_ _ ب   _ ب _ _   _ _ ب   _ ب _ _

موت تە ریب بە/ چەن گ و بەر بە ت/ بە ز می بە/ روی سە ما دا

_ _ ب   _ ب _ _   _ _ ب   _ ب _ _

مفعول      فاع لاتن      مفعول      فاع لاتن

1-1-4-2- موزاریعی هەشتی ئەخرەبی مەكفووفی مەحزووف :

دول بەر بە /جا می دی دە /ئە گەر بێ وە/ فا نە كا

_ _ ب   _ ب _ ب   _ _ ب   _ ب _

مەی لی لە/ كۆش ت و بە س ت/ نی خەڵ كە سا/ خوا نە كا

_ _ ب   _ ب _ ب   _ _ ب   _ ب _

مفعول      فاع لات      مفاعیل      فاع لن

1-1-5- كیشی بەسیت : ڕاجی (٢) قالبی لەم كێشە بەكار هێناوە :

1-1-5-1- بەسیتی هەشتی تەواو :

تێ كەڵ بە خا /كم ئە كەم/ فر مێس كی هی / وا تە لەب

_ _ ب _   _ ب _   _ _ ب _   _ ب _

تا سەو زو سوو/ر رو شین كا /گو لیش ب پش / كون جە لەب

_ _ ب _   _ ب _   _ _ ب _   _ ب _

مستفعلن      فاعلن      مستفعلن      فاعلن

1-1-5-2- بەسیتی هەشتی مەتوی :

تا زە بەها / ری گولە/ ئەی ب تی شی/ رین تە رەب

_ _ ب   _ ب _ _   _ _ ب   _ ب _ _

هەس تە بە رووی/ سۆ زە وە / با دە ب دە / لەب بە لەب

_ _ ب   _ ب _ _   _ _ ب   _ ب _ _

مفتعلن      فاعلن      مفتعلن      فاعلن

1-1-6- كیشی سەریع: ڕاجی تەنها یەک قالبی لەم كێشە بە كار هیناوە ئەویش :

1-1-6-1- سەریعی شەشی مەتوی مەكشووف :

ئەی سە نەمی/ ئازە ری دڵ/ پڕعی تاب

_ ب ب _   _ ب ب _   _ ب _

بۆ چی دە كەی/ماڵی غەری/ بان خە راب

**ــ ب ب ــ ــ ب ب ــ ــ ب ــ**

**مفتعلن مفتعلن فاعلن**

**1-7-1- موتەقاریب : ڕاجی (٢) قالبی لەم کێشە بەکار هێناوە :**

**1-1-7-1- موتەقاریبی هەشتی تەواو :**

**وە تەن پەر/ وە را نم / چ لادێ/ چ شارن**

**ب ــ ــ ب ــ ــ ب ــ ــ ب ــ ــ**

**کوران و/ کە نیش کن / لە ژین بەخ / ت یار ن**

**ب ــ ــ ب ــ ــ ب ــ ــ ب ــ ــ**

**فعولن فعولن فعولن فعولن**

**1-7-1-2- مووتەقاریبی هەشتی مەحزوف :**

**کە نە و رۆ / زە ئیم رۆ / لە سالی/ ن و یێ**

**ب ــ ــ ب ــ ــ ب ــ ــ ب ــ**

**بە را م بەر/ و لا تت / دە شل کە/ گ وێ**

**ب ــ ــ ب ــ ــ ب ــ ــ ب ــ**

**فعولن فعولن فعولن فعولن**

ڕاجی لە کۆی (٤٧١) پارچە شیعر (٤٥١) پارچە شیعری بە کێشی عەرووز هۆنیوەتەوە، کە ڕێژەکەی دەگاتە (٩٥,٧٥ %) شاعیر زیاتر پەیڕەوی هەردوو کێشی هەزەج و ڕەمەلی کردووە کە کێشی هەزەج بە پلە یەک و کێشی ڕەمەل بە پلە دوو دێت، هەروەها چەند کێشێکی تریشی بەکارهێناوە کە لەم خشتەیە ڕێژەی بەکارهێنانی ئەو کێشانەی کە شاعیر بەکاری هێناون دەیانخەینە روو :

| جۆری کێش | قالبی کێش | ژمارەی شیعرەکان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| هەزەج | | ٢١٩ | ٤٦,٤٩ % |
| | 1-هەزەجی هەشتی ئەخرەبی مەکفووفی | ٧٧ | ١٦,٣٤ % |
| | مەحزووف | ٥١ | ١٠,٨٢ % |
| | 2-هەزەجی هەشتی تەواو . | ٣٠ | ٦,٣٦ % |
| | 3-هەزەجی شەشی مەحزووف | ٢٣ | ٤,٨٨ % |
| | 4-هەزەجی شەشی مەقصوور | ٢١ | ٤,٤٥ % |
| | 5-هەزەجی هەشتی ئەخرەبی مەکفووفی | ١١ | ٢,٣٣ % |
| | مەقصوور | ٤ | ٠,٨٤ % |
| | 6-هەزەجی هەشتی ئەخرەب | ٢ | ٠,٤٢ % |
| | 7-هەزەجی هەشتی موسەبەغ | | |
| ڕەمەل | 8-هەزەجی هەشتی ئەخرەبی مەحزووف | ١٧٣ | ٣٦,٧٣ % |
| | | ٦٧ | ١٤,٢٢ % |
| | | ٣٥ | ٧,٤٣ % |
| | 1-ڕەمەلی هەشتی مەحزووف | ٢٢ | ٤,٦٧ % |
| | 2-ڕەمەلی هەشتی مەقصوور | ١٧ | ٣,٦٠ % |
| | 3-ڕەمەلی شەشی مەحزووف | ١٤ | ٢,٩٧ % |
| | 4-ڕەمەلی شەشی مەقصوور | ١٢ | ٢,٥٤ % |
| | 5-ڕەمەلی هەشتی مەخبوونی مەحزووف | ٤ | ٠,٨٤ % |
| | 6-ڕەمەلی هەشتی مەخبوونی مەقصوور | ١ | ٠,٢١ % |
| | 7-ڕەمەلی هەشتی مەخبوونی ئەسلەم | ١ | ٠,٢١ % |
| | 8-ڕەمەلی هەشتی تەواو | | |
| ڕەجەز | 9-ڕەمەلی هەشتی مەشکول | ٣١ | ٦,٥٨ % |
| | | ١١ | ٢,٣٣ % |
| | | ٨ | ١,٦٩ % |
| | 1-ڕەجەزی هەشتی تەواو . | ٨ | ١,٦٩ % |
| | 2-ڕەجەزی هەشتی مەخبوون . | ٢ | ٢,٤٢ % |
| | 3-ڕەجەزی هەشتی مەتوی مەخبوون | ٢ | ٢,٤٢ % |
| | 4-ڕەجەزی هەشتی موزال | | |
| موزاریع | 5-ڕەجەزی هەشتی مورەففەل | ١٥ | ٣,١٨ % |
| | | ١٠ | ٢,١٢ % |
| | | ٥ | ١,٠٦ % |
| | 1-موزاریعی هەشتی ئەخرەب . | | |
| بەسیت | 2-موزاریعی هەشتی ئەخرەبی مەکفووفی | ٩ | ١,٩١ % |
| | مەحزووف | | |
| | | ٨ | ١,٦٩ % |
| | | ١ | ٠,٢١ % |
| سەریع | 1-بەسیتی هەشتی مەتوی . | ٢ | ٠,٤٢ % |
| | 2-بەسیتی هەشتی تەواو . | | |
| | | ٢ | ٠,٤٢ % |
| موتەقاریب | | ٢ | ٠,٤٢ % |
| | 1-سەریعی شەشی مەتوی مەکشووف | ١ | ٠,٢١ % |
| | | ١ | ٠,٢١ % |
| | 1-موتەقاریبی هەشتی تەواو | | |
| | 2-موتەقاریبی هەشتی مەخزووف | | |
| | کۆی گشتی کێشە عەرووزییەکان | ٤٥١ | ٩٥,٧٥ % |

**2-1- کێشی خۆماڵی (بڕگەیی) :**

کێشی ڕەسەنی فۆلکلۆری کوردییە هەر لە کۆنەوە لە لایەن شاعیرانەوە بەکار هاتووە ، ئەم جۆرە کێشە لەگەڵ تایبەتمەندیەتی زمانی کوردی گونجاوە و زیاتر ڕێک دەکەوێت لەم بارەیەوە گۆران دڵێت : (وەزنی تایبەتی نەتەوەیی مانەوە لەگەڵ خەصائیسی زمانەکەمان زیاتر ڕێک دەکەوێ)(گۆران، 1971، ل12)، کێشی خۆماڵی پشت بە

ژمارەی بڕگە دەبەستێت. ڕاجی بەشێکی کەمی شیعرەکانی بەم کێشە هۆنیوەتەوە لەو کێشانەش کە بەکاری هێناون ئەمانەن:

**1-2-1 کێشی هەشت بڕگەیی (٤+٤):**

یەکێکە لەکێشە باو و زۆر بەکارهاتووەکانی شیعری کوردی ، ڕاجی بەندەکانی بەم کێشە هۆنیوەتەوە بۆ نموونە :ژ

**هـانام بەبەر تـۆ یا غـەففـار (٣+٥)**

**سوڵتانی شاخ و دەشت و شار (٣+٥)**

**2-2-1- کێشی دە بڕگەیی (٥+٥) :**

ئەم جۆرە لەکێشە بڵاو و تایبەتەکانی زمانی کوردییە، ڕاجی (٩) هۆنراوەی بەم کیشی داڕشتووە بۆ نموونە لەم شیعرەیدا دەڵێت :

**هـاوگەل هـاووڵات بـرایانی کـورد (٥+٥)**

**بە ڕێگای وەتەن بڕۆن نەرم و ورد (٥+٥)**

**3-2-1- کێشی چواردە بڕگەیی :**

ئەم کێشە بریتییە لە چواردە بڕگە بۆ هەر نیوە دێڕێک، ڕاجی تەنها یەک شیعری بەم کێشە هۆنیوەتەوە وەك لەم شیعرەیدا دەڵێت:

**بەناوی خوایە هـانام دنیای هەمـوو داناوە (٤+٣+٤+٣)**

**وەسفی یارێت بۆ دەکەم لەسەر دنیا نەکراوە (٤+٣+٤+٣)**

ڕێژەی بەکارهێنانی ئەمجۆرە کێشە لەکۆی (٤٧١) شیعر، بریتی یە لە (١٢) شیعر، کە ڕێژەکەی دەگاتە (2,54%)، لەم خشتەیەی خوارەوەدا ڕێژەی بەکارهێنانی کێشە خۆماڵییەکان لای ڕاجی دەخەینە ڕوو :

| جۆری کێش | ژمارەی شیعرەکان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| 1-کێشی دە بڕگەی | ٩ | %١,٩١ |
| 2-کێشی هەشت بڕگەیی | ٢ | %٠,٤٢ |
| 3-کێشی چواردە بڕگەیی | ١ | %٠,٢١ |
| کۆی گشتی کێشە خۆماڵیەکان | ١٢ | %2,54 |

**٢- سەروا :**

سەروا ڕەگەزێکی بنەڕەتییە لە بنیاتنانی شیعردا و لەگەڵ کێشدا پێکەوە ئاوازی دەرەوەی شیعر پێکدەهێنن ، عەزیز گەردی دەڵێت : (سەروا رەگەزی بنیادی شیعرە، نەک هەر لە کوردیدا، بگرە نزیکەی لە هەموو زمانێکدا هەبوە و هەیە، بەلام شوێنی هاتن و چۆنیەتی بەکارهێنان و ڕادەی بایەخ پێدانی بەپێی زمان و سەردەمی شاعیر دەگۆڕێت . هەر نەتەوەیەک بەپێی خاسیەتی تایبەتی فۆنۆلۆجی زمانی خۆی و قۆناغی پێشکەوتنی ئەدەب و ڕۆشنبیری گشتی و پەیوەندە زانستییەکانی تر جۆرە سەروایەکی تایبەتی پەیڕەو کردووە )(گەردی، 1999، ل351)، ڕاجی لەشیعرەکانی دا پەیرەوی سەروای کردووە وەک پێکهێنەرێکی ئاوازی دەرەوە و چەندین جۆر سەروای بەکارهێناوە کە لەخوارەوە ئاماژەیان پێ دەکەین .

**1-2- یەکێتیی سەروا**

مەبەست پەیرەوکردنی یەک سەروایە لەسەرەتا تاکۆتایی هۆنراوەکە، کە بەشی هەرە زۆری شیعری کلاسیکی کوردی بەم سەروایە نووسراوە . ڕاجی لەبەشێکی زۆری شیعرەکانیدا پەیرەوی ئەم جۆرە یاسایەی کردووە کە ڕێژەکەی دەکاتە (٨١,٧٤%)، هەروەها دەنگەکانی (أ، ب، پ، ت، ج، خ، چ، د، ز، ژ، ر، ڕ، س، ش، ع، غ، ف، ق، ک، گ، ل، ڵ، م، ن، ە، هـ، و، وو ، ۆ ، ی، ێ) کردووە بە ڕەوی . (ئەحمەد،2007، ل43)، بۆ نموونە لە قەسیدەیەکی دا کە لە(٣٠) دێر پێکهاتووە دەڵێت:

**ئـەی برا بگــــری لە دامــــەن باغـی کـوردستانەوە**
**ناژیەی بیخـۆی بـەکـەیف و شـەوکەت و سـەیرانەوە**
**سـەربەخــۆیی مۆرەکەت، شــۆرا بـە بـارانی نیفـاق**
**خــۆشـییو زەوق و مــــورادت، وا بـەدەم تۆفـــانەوە**
**هەرکەســێ هات و بە نانێ، حاجـــەتی دێنایـە بـــەر**
**ئاقیبەت خـۆی کـــردە ســـولتان، هاتە ناو کوردانەوە**

(دیوانی شاعیر، 2011، 337)

دێری یەکەم لە هەر دوو لەت هاوسەروان و لەیرەکانی تریشدا نیوەدێری دووەم لە هەر دێرێکدا هەمان سەروای دێری یەکەمیان هەیە، وشەکانی سەروا بریتین لە: (کوردستانەوە، سەیرانەوە ، تۆفانەوە، کوردانەوە)، کە هەموویان لە دەنگی" انەوە "هاوبەشن و دەنگی "ن" دەنگی ڕەوییە، قالبی سەرواکە بەم شێوەیەیە : **AA, BA, CA, DA**

**2-2- سەروای هەمەڕەنگ**

مەبەست لە سەروای هەمەڕەنگ بەکارنەهێنانی یەک جۆرە سەروایە لە دارشتنی هۆنراوەدا، کە ئەمەش (بوارێکی فراوان لە بەردەم شاعیر والا دەکات، بۆ دەربرینی ئەو هەست سۆزو ناوەڕۆکە شیعرییەی کە مەبەستیەتی جگە لەمە ڕەنگاو ڕەنگی سەروا مۆسیقایەکی هەمەرەنگ بە شیعرەکە دەبەخشیت و ڕازاوە تری دەکات)(ئەحمەد، 2007، ل89). لەو جۆرە قالبە سەروا هەمە ڕەنگانەی کە شاعیر بەکاری هیناوە :

**1-2-2- سەروای مەسنەوی (جووت سەروا) :**

بریتییە لەو جۆرە سەروایەی هەردوو نیوە دێری شیعرێك لەسەر یەك سەروا دەڕۆن و بەواتای ئەوەی هەر دێرێك سەروای تایبەت و سەربەخۆی هەیە و جیاوازە لە سەروای دێرەکانی پێش یان پاش خۆی، ڕێژەی بەکارهێنانی ئەم جۆرە سەروایە لای شاعیر دەگاتە (١,٢٧%) شاعیر لەشیعرێکدا کە لە (٤٨) دێر پێک هاتووە بەم سەروایە نووسیویەتی دەڵێت:

**بە بـاسـێکی خـۆش وادێمـــە یـاری**
**نیـشـانەو نـــاو و هـەدیە و دیـاری**
**کـە ڕۆژانی گـەش لە مـانگی نیـسان**
**کە هـاتـە گیــرسان مێلاق و نیسان**
**حاجیلە و بەیون هـەڵاڵـــە و سونبول**
**هەمووی درەوشا بەدەم خەندەی گوڵ**

(دیوانی شاعیر، 2011، ل540)

هەر دێڕێک سەرواى سەربەخۆی هەیە وشەکانی سەروا بریتین لە (یاری – دیاری – نیسان – نیسان – سونبول – گول ) ، قالبی سەرواکە بەم شێوەیەیە : **AA,BB,CC ......** .

**2-2-2- تەشتیر :**

جگە لە سەرواى گشتی هۆنراوەکە لە ڕووی کەرتکردنی لەتە دێرەوە شاعیر هۆنرراوەکە دابەش دەکات بەسەر چەند سەروایەک، ڕێژەی بەکارهێنانی ئەم جۆرە سەروایە لای شاعیر دەگاتە (٦,٥٨%) ئەمەش بە چەند شێوەیەک دەبیت لەوانە :

**2-2-2-1-** دەشێ شاعیر دێرە هۆنراوەکەی بکاتە چوار لەتی یەکسان سی کەرتی یەکەم یەک سەروایان دەبێت و کەرتی چوارەم سەرواى گشتی هۆنراوەکە پێک دێنێت، بۆ نموونە ڕاجی لەم هۆنراوەی خوارەوەدا دەڵێت:

**چەمەن هەموو گەشانەوە لە ڕەنگ و ڕووی بەهارەوە**
**گیان بـەتـەن بـــەشانەوە لـەگشتی ســــەوزە زارەوە**
**هـەوا هـــەنـاسـە بەرئـەدا هـــەناوە سیلی دەرئـەدا**
**سـەما بـەبـەر ســوپەر ئـەدا ئـەسـتێرە دێنە خـوارەوە**
**دادو تــەرازوو کــۆ ئـەکا گـەنجینەیـی ژین ڕۆئـەکا**
**جەماتی مـەی مـەکـۆ ئـەکا لە چـاوی پڕ خـــومارەوە**

(دیوانی شاعیر، 2011، ل366)

شاعیر جگە لە دێری یەکەم لە دێڕی دووەمە و پەیڕەوی ئەم جۆرە سەروایەی کردووە کە وشەکانی سەروا لە هەرسێ کەرتی یەکەمدا بریتین لە (بەر ،دەر، سوپەڕ) کە لە دەنگی (ەر) هاوبەشن و (ر) دەنگی ڕەوییە و (ئەدا) پاش سەروایە . وشەکانی سەرواى گشتی هۆنراوەکەش بریتین لە (بەهار ، سەوزەزار، دێنەخوار ، خومار) .

قالبی سەرواکە بەم شێوەیە : **AAAB,CCCB,DDDB.....**

**2-2-2-2-** دەشێ شاعیر دێرە هۆنراوەکەی بکاتە چوار کەرتی یەکسان کە هەردوو کەرتی یەکەم و سێیەم یەک سەروایان هەبێت، وە هەردوو کەرتی دووەم و چوارەمیش یەک سەروایان دەبێت . بۆنموونە لە دێری یەکەمی هۆنراوەکەی پێشوودا:

**چەمەن هەموو گەشانەوە لە ڕەنگ و ڕووی بەهارەوە**
**گیــان بـە تـەن بە شـانەوە لـە گشتی سـەوزەزارەوە**

سەرواى کەرتی یەکەم و سێیەم بریتین لە (ان )و کەرتی دووەم و چوارەمیش بریتیە لە (ار) . قالبە سەرواکە بەم شێوەیەیە: **ABAB**

**2-2-2-3-** یا شاعیر جگە لە دێری یەکەم، دێرە هۆنراوەکەی بکاتە چوار کەرتی یەکسان، و تەنها نیوە دێری یەکەمیان تەشتیر بکات بۆ دوو کەرتی هاوسەروا نیوە دێری دووەمیان تەشتیر نەکات بۆ نموونە شاعیر لەو هۆنراوەیدا دەڵێت :

**دەکـــولێتەوە زامی بەکـوڵ کە بیری دیـدەم دێتـە دڵ**
**هـەردەم لـە ئـاوازی نەبەز دەردم گـەڵی زارە مەبەس**
**کـە مانگی پڕ کوڵمـەی هـەڵێ ئافاتی جان دەگرێ بەڵێ**
**ئـاوا دەبێ ڕۆژی بتان لـەم چەرخ و پـەرگارە مـەبەس**
**هەر کەس وەکو من ڕووتەبێ ڕیشەی گیانی سووتەبێ**
**پەرداخی ئابڕووی کەچ و پەرداخی ڕووی یارە مەبەس**

(دیوانی شاعیر، 2011، ل434)

قالبی ئەم جۆرە سەروایە بەم شیوەیە :AAB , CCB , DDB

**2-2-2-4-** شاعیر هەر نیوە دێرێک دابەشی سەر چوار کەرتی وەکو یەک دەکات بۆ نموونە :

**ئـەم دولبـەرە چـەند دڵبەرە چـەند دینبـەرە شـیرین**
**ئەم نەی لەبە چەند مەی لەبە سەد مەرتەبە ڕەنگین**
**غـارەتـگـــرە ڕوو ئـاگــرە جـان هـەڵگرە هـاوار**
**خاوەن خووە پڕ جادووە خەت هیندووە موشکین**

(دیوانی شاعیر، 2011، ل285)

جگە لە سەرواى گشتی هۆنراوەکە، کە وشەکانی (شیرین ، ڕەنگین ، موشکین)ە، لە هەر لەتێکدا سێ دەستەواژەی یەکەم هاوسەران و سەرواکەیان جیاوازە لە دەستەواژەی چوارەم کە سەرواى گشتی هۆنراوەکە پێکدێنێ . هەرسێ دەستەواژەی یەکەم لە لەتی یەکەمدا لەدەنگدانی (ەرە) هاوبەشن و جیان لەسەرواى کەرتی چوارەم . وە لەتی دووەم لە دەنگی (ەبە) و سێ یەم لە (گرە) و چوارەم لە (ووە) هاوبەشن . قالبی سەرواکە بەم شێوەیە:

دێڕی یەکەم:

AAAB , CCCB

دێڕی دووەم:

DDDE , FFFB

**2-2-2-5-** یاخود لە دێرێکدا چوار کەرتی یەکەم لە نیوە دێری یەکەم یەک سەروایان دەبێت ، بەڵام لە نیوە دێری دووەمدا ، سێ کەرتی یەکەم بەهەمان شێوەی پێشوو هاوسەروان و جیان لە سەرەوای کەرتی چوارەم کە سەرواى گشتی هۆنراوەکە پێکدێنێ . شاعیر لە هۆنراوەیەکی (١٨) دێڕیدا دەڵێت :

**ســووڕەگوڵ ئارامی دڵ چاو پڕ لەکل گـەوهەر لەمل**
**ســۆزەکەم پیرۆزەکـەم نەورۆزەکەم نیســانەکـەم**
**نیوەشەو خـۆش بیرەخەو نەخشـینەکەو ئاسـک بەڕەو**
**بازەکـەم شـابـازەکـەم شـانـازەکەم جـانانەکـەم**

(دیوانی شاعیر، 2011، ل249)

سەروای هەر چوار کەرت لە نیوە دێری یەکەم بریتییە لە (ڵ) لە نیوە دێری دووەمیشدا سەروای سێ کەرتی یەکەم بریتییە لە (ۆز) و هی کرتی چوارەمیش بریتییەلە (ان) کە سەروای گشتی هۆنراوەکەیە، قالبە سەروای ئەم جۆرە هۆنراوەیە بەم شێوەیەیە:

دێری یەکەم: BBBB, CCCA

دێری دووەم :DDDD, EEEA

**2-2-2-6-** هەندێ جار شاعیر بە ڕێك و پێکی لە سەرەتاوە تا کۆتایی هۆنراوەکە دێرەکان تەشتیر ناکات، بەڵکو بە ئارەزووی خۆی ئەم کارە ئەنجام دەدات، بۆ نموونە لە شیعرێکدا کە لە (7) دێر پێك هاتووە دەڵێت:

**ڕوویی نیگارە مەستەکەم دەکا لە بەرگی گوڵ سەبەق**
**نیگاهـــی یارە چوستەکەم، لە دڵ ئەکـاتە دەر مەرەق**
**خـەوی خـوماری جانی من، نـایەتە رووی خەزای من**
**ڕەونەقـی دولبەرانی من، شــــەوقی بەهارە سەد تەبەق**
**خـەندەیی لەعلی من لەبە، لـە هـەر کەنارە مەتـڵـەبـە**
**عیشـــوەیی قەددی عەرعەرە کشاوە سا بەهەر نەســەق**

(دیوانی شاعیر ،2011، ل194)

دێری یەکەم هەردوو لەتیان تەشتیر کراوە ، لەتی یەکەم و سێیەم یەک سەرواو ، دووەم و چوارەمیش هەمان سەروایان هەیە ، دێری دووەم هەردوو لەتیان تەشتیرکراوە، سێ لەتی یەکەم یەک سەروایان هەیە و لەتی چوارەمیش سەروای گشتی هونراوەکە پێکدێنێ، لە دێری (٣)یەمەوە تا کۆتایی تەنیا لەتی یەکەمیان تەشتیر کراوە.

**2-2-3- سەروای دووبارە :**

دووبارەبوونەوە جیایە لە ڕەگەزدۆزی، لێرەدا وشەکە بە هەمان مانا دووبارە دەبێتەوە (ئەوەیە دوو وشەی هاوڕەگەز (متجانس) لەکۆتایی هەڵوێستی پەخشان یان دێرە شیعر بەدوای یەکەوە دووبارە ببنەوە، دەشێ لە شوێنی تریش بێن، بەڵام بەهای جوانیەکەی لە کۆتایی زیاترە کە لەگەڵ سەروادا یەک دەگرێتەوە) (داد، 1375،ل83)، ڕێژەی بەکارهێنانی ئەم جۆرە سەروایە لای ڕاجی دەگاتە (٠،٤٢%).لە نموونەی ئەم جۆرە هۆنراوەیەش، شاعیر دەڵێت :

**خۆشــــە بنۆشـین ئەی ســـەنەم جێگە بـە جێگە دەم بە دەم**
**بادە بە بادە نەو بە نـەو ســـــینە بــــە سـینە دەم بـە دەم**
**نووری ڕۆحت کە هـەڵکرا زینـەتـە بـۆ ئــــەهلی هەوەس**
**نوختە بەنـوختە خەت بەخەت تـوڕڕە بەتـوڕڕە خـەم بەخـەم**
**وەختـی فیـــراقـت گـریـەمـە دیـدە بــــە دیــــدە دڵ بــە دڵ**
**گـۆنە بـەگــۆنـە کۆ بـەکــۆ چـاوە بـە چـاوە یـەم بە یـەم**

جووت وشەکانی سەروا بریتین لە (دەم بەدەم، خەم بەخەم، دڵبەدڵ، یەم بەیەم)، یەک وشە دووبارە بۆتەوە و بەهۆی ئامرازی (بە) دراوەنەتەپاڵ یەکتر . جگە لەکۆتایی سەرواکە بۆ ناوەوەش داکشاوە وەک (جێگە بە جێگە، بادە بە بادە، نەو بە نەو، سینە بە سینە...) کە ئاوازێکی سووک و جوانیان دروستکردوە و هەستی خوێنەر زیاتر ڕادەکێشێت بۆ خوێندنەوە و ئاسان لەبەرکردنی ئەم جۆرە هۆنراوانە.

**2-2-4- سەروای پێنجین:**

پێنجین پارچە هۆنراوەیەکی پێنج لەتییە کەبە پێی سیستەمی تایبەتی سەرواوە دادەڕێژرێ، بریتییە لە چەند بەندێک هەر بەندێکیش پێک دێت لە پێنج نیوە دێرە شیعر کە لەڕووی سەرواوە هاوسەروان وە بەندەکانی تریش چوار نیوە دێری یەکەم یەک سەروایان هەیە و جیان لە سەروای بەندی یەکەم، سەروای نیوە دێری پێنجەمیش هەمان سەروای بەندی یەکەمی دەبێت ڕێژەی بەکار هێنانی ئەم جۆرە سەروایە لای ڕاجی دەگاتە( 1,91%) شاعیر لەم پێنج خشتەکییەی خوارەوە دا دەڵێت:

**سـەیری فنجانی مەم و، بادەی دەمی زیبا ئـەکەم**
**یارمەتی چاوی خومار، ماچ مەزەی ڕەعنا ئەکەم**
**ڕەسمی شاباشی لە هەڵقەی پەرچەمی مینا ئەکەم**
**یانەیی بەختم لە سـینەی گوڵشەنی سـەلما ئەکەم**
**شانشینی خۆم لەکوڵمەی کەهرەبەی سیما ئەکەم**
*******************
**جووتی شاهینی بڕۆی، پێویستە بۆ شـاڕاوی دڵ**
**نەشتەری موژگانی بۆ شیشەو قولاپی شـان و مل**
**دانەیی خــــاڵی لـــە داوی عیشـقدا بـۆ تـەیری زڵ**
**ئاگری لێــوانی بـۆ بـــرژاندنی زامانی کـــوڵ**
**نەرم و نۆڵە چەندە شل شل قامەتی سـەودا ئەکەم**

(دیوانی شاعیر ، 2011، ل406)

لە بەندی یەکەمدا، وشەکانی سەروا بریتین لە (زیبا، ڕەعنا، مینا، سەلما، سیما) و( ئەکەم) پاش سەروایە. لەبەندی دووەمیشدا وشەکانی سەروا بریتین لە(دڵ، مل، زل، کوڵ)و نیوە دێری پێنجەمیش هەمان سەروای بەندی یەکەمی هەیە ، وشەی سەرواکەی بریتییە لە (سەودا).قالبی ئەم جۆرە سەروایە بەم شێوەیەیە : AAAAA BBBBA....

**2-2-5- سەروای پێنج خشتەکی :**

بریتییە لە بەرهەمی دوو شاعیر بەجۆرێك دوو نیوە دێری شاعیرێك وەردەگرێت و سێ نیوە دێری خۆی بە هەمان کێش و سەروا زیاد دەکات، ڕێژەی بەکارهێنانی ئەم جۆرە سەروایە لای شاعیر دەگاتە (٠،٤٢%). بۆ نموونە ڕاجی لە پێنج خشتەکییەکەدا لەسەر شیعرێکی دڵزار دەڵێت :

**ئەصلی هونەرو فەصلی هەموو زارە محمد**
**تیشـکی سەحەری ڕۆژی پڕ ئـاوازە محمد**
**مێشـــکی صدقی کۆمەڵی دەم سازە محمد**
**شـۆخێکە لەناو عـالـەمی مـومتـازە محمد**
**خـاوەندی هـەزار ئـایـەت و اعجازە محمد**

***************

**نوورێکە لەناو کیشـوەری جانان نییە حاجز**
**گەنجێکە لە بۆ نەوعی بـەشەر جائز و فائز**
**شاهێکە لەسـەر تەختی مقاصـد نییە عاجـز**
**مانەندی لەناو کۆمەڵی خووبان نییە هەرگیز**
**سەرچاوەیی حوسن و ئەدەب و نازە محمد**

لێرەدا شاعیر سێ نیوە دێڕی شاعیر(دڵزار) ی وەرگرتووە، و دوو نیوە دێڕی خۆی خستۆتەسەر.

### 2-2-6- سەروای چوارین و چوارخشتەکی :

هونەرێکی شیعرین و لەچوار لەتە شیعر پێکدێن، جیاوازی نێوانیان لەوەدایە کە(چوارینە پارچەیەکی تەنیایە و مەبەستێکی تایبەتی دەردەبڕێ، وەک سۆفیزم و دڵداری و فەلسەفە...، زۆر جاریش پارچەیەکە لە هۆنراوەیەکی دوورو درێژ کە بەسەر چوارینەدا دابەش بووە، هەر چوارینەیەکی بیرێکی بچوک دەگەیەنێ لە چوارچێوەی بیری گشتی و سەرەکی هەموو هۆنراوەکە، ئەمەیان بە چوار خشتەکی ناوبراوە) (گەردی، 1999،ل204) ، ئەم دوو هونەرە لای ڕاجی بوونیان هەیە:

**2-2-6-1- چوارین :** پارچەیەکی چوار لەتییە کێش و سەروای تایبەتی خۆی هەیە، پارچەیەکی تەنیایەو بۆ مەبەستێکی تایبەتی دەردەبڕدرێت، چوارین بەپێی سەروای نیوە دێرەکانی دەکرێت بەدوو بەش: چوارینی تەواو و چوارینی ناتەواو : لەم جۆرە دا نیوە دێری یەکەم ودووم و چوارەم هاوسەروان و جیان لە سەروای نیوە دێری سێیەم کە قالبە سەرواکەیان بەم شێوەیە دەبێت :(AABA)، سەرجەم چوارینەکانی ڕاجی لە جۆری دووەمە بۆنموونە لەم چوارینەدا دەڵێت:

**ئـەگـەر بینـاسی بنیادەم هەمـوو ئـەهـلی وەتـاغێکـە**
**لەسـەر چاوەی چەماوێک و لە قاوەی قـاوەجاغێکـە**
**بـە تەبیات تێکـەڵاوێک و لـە ڕیزا ڕێکخـراوێک بێ**
**لەبەرچی وا هەمووی وەحش و درنج و بێ دەماغێکە**

(دیوانی شاعیر، 2011، ل405)

ڕێژەی بەکارهێنانی ئەم جۆرە سەروایە لای ڕاجی دەگاتە( 5.52%).

### 2-2-6-2- چوار خشتەکی :

ڕێژەی بەکارهێنانی ئەم جۆرە سەروایە لای شاعیر دەگاتە( 1.27%) و قالبە سەروای پەیرەو کراویش لە سەرجەم چوارخشتەکیەکان بریتییە لە: (...........AAAABBBA )، بۆ نموونە لەم چوار خشتەکیەدا دەڵێت:

**ئاواتی مەرگـم شـادیم نەخـۆشـی**
**ڕۆژانـی ژیـنـم ڕۆییـن بـەبـۆشـــی**
**چـەند بازارم کـــرد بـە خۆفرۆشـی**
**فنجانی خۆشـیم هەرگیز نەنۆشی**

************

**مەحەک و گـۆگـرد هەرگـردو کـۆمە**
**گۆی کـردم بەشـەق لەو گردو گۆمە**
**نـهـۆم نـاهێنـــم لـەو دوو نـهـــۆمـە**
**مێردەزمەی خەم بەکۆڵ و دۆشی**

(دیوانی شاعیر، 2011، ل404)

### 2-2-7-پاش سەروا :

هونەرێك لە هونەرەكانی ئاوازەیی دەقی شیعری كە لە شیعری فارسییەوە هاتووەتە ناو شیعریکوردییەوە (پاش سەروا) بووە و بریتییە لە :(وشەیەك یان چەند وشەیەك كە یەك مانایان هەیە و لە كۆتایی بەیتەكاندا وەك خۆی دووبارە دەكرێنەوە)(زمانیان، 1374، ل171)، ڕاجی بە ڕێژەیەکی زۆر لەشیعرەکانیدا پاش سەروای بەکارهیناوە لە(ناو، کار، جێناو، مۆرفیمی ڕێزمانی...). بۆ نموونە ڕاجی لە شیعرێکدا بەشە ئاخاوتنی (کار)ی وەک پاش سەروا بەکارهێناوە دەڵێت :

**بـــۆ جیـــــاوازی کـولمە ڕۆح و دڵ لـە مـن داوا ئـەکا**
**ژین و عەیشی من بەیەک دەم سەر بەسەر یەغما ئەکا**
**دڵبەرەی خەنجەر وەشـــێنەی پـڕ شـەڕەی عاشـقکوژە**
**خـۆی لە نـاکـاو دەر ئەخـات و بێکەسـان ڕیسـوا ئەکا**

(دیوانی شاعیر، 2011، ل39)

وشەکانی سەروا بریتین لە(داوا، یەغما، ڕیسوا ) و ( ا ) دەنگی ڕەوییە. (ئەکا) پاش سەروایە کە لەکۆتایی وشەکانی سەروا بەهەمان مانا بەدرێژایی شیعرەکە دووبارە بۆتەوە.

### بەشی دووەم : ئاوازی ناوەوە

شیعر جگە لە ئاوازی دەرەوە کە خۆی لە کێش و سەروا دەبینێتەوە، ئاوازی ناوەوەش بە هاوبەشی لەگەڵیدا ئاوازی شیعرەکە بەرزترو ڕەوانتر دەکەن. ئەم جۆرە ئاوازە پەیوەندی بە ڕێکخستن و هاوئاهەنگی وشەکان لە لایەنی دەنگ و فۆنیم و بڕگەکانەوە هەیە ( مۆسیقای ناوەوەی شیعر بریتی یە لە ئاوازی دەنگەکان و لێکدان و پێکەوە گونجاندنیان و پێش خستی وشەو بەکارهێنانی هەندێک لە ئامرازە

زمانییەکان)(مستەفا، 2009، ل130- 131)، کە ئاوازو زاڵەیەکی ئەوتۆ بەشیعرەکە دەبەخشن کە زۆرجار لە ئاوازی دەرەوەی شیعرەکە کاریگەرترە، بنەمای ئەم ئاوازو مۆسیقا شیعرییە دەگەڕێتەوە بۆ دووبارە کردنەوەی دەنگ، وشە، کە خۆی لە هونەرەکانی ڕەوانبێژی دەبینێتەوە وەک: ڕەگەزدۆزی و پاتککردنەوەو کەرت کردن..... بە هۆیەوە زەنگ و بنیادێکی ئیستاتیکی بەرز بە شیعر دەبەخشن .

### 1-دووبارە کردنەوەی دەنگ

هەر لە کۆنەوە نووسەران و لێکۆڵەرەوەکان باسیان لەم ئەرکە دەلالییەی دەنگ کردووە، گرنگیان پێداوەو هەرچەندە هەندێکیش تەنیا بەلایەنێکی جوانکاریان داناوە، بەلام زۆربەیان دەنگیان بە گیانی شیعر داناوە بۆیە دووبارەکردنەوەی دەنگەکانیش بێ ئامانج و مەبەست نییە و جگە لە مانای جوانکاری ئەرکی دەلالیشی هەیە، هەروەها (دانانی دەنگی سووك و بزوێن و خاو بۆ درکاندنی سۆزو خۆشەویستییە، کۆنسنانتی بەهێزو بزوێنی کورتیش دەلالەتە بۆ هەلچوونی ئاگرین و بەهێز و دەروونی خەفەتبارو بریندار)(البصیر، 1983، ل203)، ڕاجی لە شیعرەکانیدا گرنگییەکی زۆری بە ئاوازی ناوەوە داوەو داهێنانی کردووە کە ئەمەش تواناو لیهاتوویی شاعیر دەردەخات لەم بوارەدا بۆ نموونە لە وەسفی ئازایەتی کوڕان و کچانی وولاتەکەی بەهۆی دووبارە کردنەوەی چەند دەنگێکەوە ئاوازێکی مۆسیقی بەرزی سازداوە دەڵێت:

**وەتەنپەروەرانم چ لادێ چ شـــارن**
**کوڕان و کەنیشـکن لەژێن بەختیارن**
**لە نەورۆزی هـۆزی بەهێزو بە بیرم**
**پـــژان و خـــژان و هەژانی هـەژاران**
**بەقـاتـــی دەقـاتـــی قـەڵات و قەپاتن**
**خـەبـــاتی خەڵاتی وەڵات و هەوارن**

(دیوانی شاعیر، 2011، ل272)

دووبارەکردنەوەی دەنگەکانی (ن، ز، هـ، ب ، ژ ،ا ، ق ، ت، ڵ ، خ ، ە ) چەند جاریک بەشێوەیەکی گونجاو مۆسیقایەکی جوانیان بەشیعرەکە بەخشیوە . هەروەها هەریەک لەوشەکانی (پژان ، خژان ، هەژان ، هەژار ، بەقاتی ، دەقاتی ، قەڵات، قەپات ، خەبات ، خەڵات، وولات) جگە لە هاوبەشبوونیان لەکۆمەڵە دەنگێک دا، ڕەگەزدۆزی ناتەواویان پێک هێناوە لە جۆری جودا کە زەنگ و ئاوازێکی ناوەکیان بەرپا کردووە .

## ئەنجام

1. لە ڕووی ئاوازی شیعرییەوە، ڕاجی ئاوازێکی شیعری ڕازاوەی لە شیعرەکانیدا بەرجەستە کردووە، بەتایبەتی لە ڕووی ئاوازی دەرەوەی شیعرییەوە کە کێشی عەرووزی بە ڕێژەی یەکەم هەزەج بەکارهێناوە کە دەگاتە ڕێژەی (49و46%) کە (219) قالبە شیعری بەو کێشە هۆنیوەتەوە، دواتر ڕەمەڵ کە دەگاتە ڕێژەی (73و36%) کە (173) قالبە شیعری بەم کێشە هۆنیوەتەوە، پاشان ڕەجەز کە دەگاتە ڕێژەی (58و6%) کە (31) قالبە شیعری بەم کێشە هۆنیوەتەوە، دواتر موزاریع، کە دەگاتە ڕێژەی (18و3%) کە (15)قالبە شیعری بەم کێشە هۆنیوەتەوە، دواتر بەسیت کە دەگاتە ڕێژەی (91و1%) کە (9) قالبە شیعری بەم کێشە هۆنیوەتەوە، پاشان سەریع، کە دەگاتە ڕێژەی (42و0%) کە (2) قالبە شیعری بەم کێشە هۆنیوەتەوە،دواتر موتەقاریب کە دەگاتە ڕێژەی (42و0%) کە (2) قالبە شیعری بەم کێشە هۆنیوەتەوە، بەمەش شیعرەکانی لە ڕووی کێشەوە هەمە جۆرن و ئاوازو مۆسیقایەکی خۆشی بە هەموو شیعرەکانی بەخشیووە. بەکارهێنانی کێشی بڕگە لەپاڵ کێشی عەرووز، کە لەدوای کێشی عەرووز بە ڕێژەیەکی گشتی پەیرەوی کردووە لە کێشانەکردنی هۆنراوەکانیدا کە لە کۆی (463) شیعر (12) شیعری بە کێشی بڕگە هۆنیوەتەوە کە ڕێژەکەی دەگاتە (54و2%) .
2. بەکارهێنانی چەندین جۆر سەروا لە هۆنینەوەی شیعرەکانی کە بریتین لە یەکێتیی سەروا و سەروای هەمەڕەنگ ئەوانیش: (جووت سەروا) کە ڕێژەی بەکارهێنانی ئەم جۆرە سەروایە دەگاتە (27و1%)، تەشتیر کە ڕێژەی بەکارهێنانی دەگاتە (58و6%)، سەروای دووبارە، کەرێژەی بەکارهێنانی دەگاتە (42و0%)، سەروای پێنجین کە ڕێژەی بەکارهێنانی دەگاتە (91و1%)، سەروای پێنج خشتەکی کە ڕێژەی بەکارهێنانی دەگاتە (42و0%)، سەروای چوارین کە ڕێژەی بەکارهێنانی دەگاتە (52و5%)، سەروای چوارخشتەکی کە ڕێژەی بەکارهێنانی دەگاتە (27و1%)، بەمەش شیعرەکانی ڕاجی جوانی زیاتری وەرگرتووەو ئاوازی دەرەوەی شیعرەکانی هەمە ڕەنگتر کردووە. لە ڕووی ئاوازی ناوەوە ڕاجی بایەخی زۆری بە پاتکردنەوە داوە بەتایبەتی پاتکردنەوەی دەنگ و وشە، کە بە هۆیانەوە ئاوازەکی جوان و دانسقەیان بە شیعرەکانی بەخشیووە.

## سەرچاوەکان

### بەکوردی

البصیر ،کامل (١٩٨٣)، ڕەخنەسازی (مێژوو و پەیرەو کردن) ، بەغداد، کۆڕی زانیاری کورد.
بیار ، عبدالرزاق (١٩٩٢)، کیش و مۆسیقای هەڵبەستی کوردی، چ١ ، چاپخانەی (دارالحریە)، بغداد.
خەزنەدار ، مەعروف (١٩٦٢)، کیش و قافیە لە شیعری کوردی دا ، چاپخانەی (الوفاء) ، بەغداد.
سەجادی ،عەلائەدین (١٩٧٤) ، نرخ شوناسی ، چاپخانەی (مەعارف)، بەغداد، .
دەشتی و ڕاجی (2011)، دیوانی ڕاجی ، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.
سابیر ، پەریز (2006)، ڕەخنەی ئەدەبی کوردی و مەسەلەکانی نوێکردنەوەی شیعر، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
شاهۆ سعید ، دەلالات البناء الاقاعی فی الشعر ، رسالە الماجستیر ، جامعە السلیمانیە، ١٩٩٩.
عەبدوڵلا ،ادریس (٢٠١٢)، شێواز ، چ١، چاپخانەی منارە، هەولێر.
عەلی ، عەزیز(٢٠٠٧) ، فەرهەنگی کێشناسی ، چاپی یەکەم .
گەردی ،عەزیز (٢٠٠٢) ، ڕابەری کێشی شیعری کلاسیکی کوردی، چاپخانەی دێکان، سلێمانی.

گەردی،عەزیز (1975)، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا، ب2، جوانکاری، چاپخانەی شارەوانی، هەولێر.
گۆران (1971)، بەهەشت و یادگار، چاپی دووەم، چاپخانەی کامەرانی، سلێمانی.
گەردی ،عەزیز(١٩٩٩) ، کێشی شیعری کلاسیکی کوردی، چ1، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر.
گەردی،عزیز(١٩٩٤)،کێشی شیعری کلاسیکی کوردی و بەراوردکردنی لەگەل عەروزی عەرەبی و کیشی شیعری فارسی ، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
گەردی ،عەزیز (١٩٩٩)، سەروا، لیکۆڵینەوەیەکی شیکاری بەراوردە لە شیعری کوردیدا، چ1، چاپخانەی وەزارەتی رۆشەنبیری، هەولێر .
مصطفى، ئاسۆ (2009)، بەها ئیستاتیکیەکانی شیعرلای پیرەمێرد و شێخ نوری شێخ صالح و گۆران، چ1، چاپخانەی خانی ، دهۆك.
ئەحمەد ، سافیە (٢٠١٤)، شێوازە شیعرە کوردیەکانی پیربال مەحمود، چ١، چاپخانەی رۆژهەلات، هەولێر.
ئەحمەد، پەخشان (2007)، شێوازی شیعری گۆران، بەشی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی کۆیە، نامەی ماستەر .

### بە عەرەبی

انیس ، ابراهيم (١٩٧٣)، موسیقی الشعر، مكتبه الانجلو المصريه، الطبعه الخامسه.
زاهد ، زهير (٢٠٠١)، بحوث في اللغه الشعر و عروضه، ط١ ، عالم الكتب، بيروت.
عيد ، رجاء (١٩٧٥) ، الشعر والنغم ، مطبعه دار النشر والثقافه، قاهره .
قنديل، اسعد (1975)، فنون الشعر الفارسی، ط1، مكتب الشريف و سعيد رأفت للطباعة والنشر والتوزيع، الزيتون.
نازک الملاءکه ، قضايا الشعر المعاصر، منشورات مكتبه النهضه ، بغداد ،١٩٦٥.

### بە فارسی

داد، سيما (1385)، فرهنگ اصطلاحات ادبی، انتشارات مرواريد، چاپ سوم.
زمانيان، صدرالدين (1374)، بررسی اوزان شعر فارسی (عروض)، چاپ بنياد جانبازان، تهران.
كدكنی ، محمد (١٣٨٤)، موسيقی شعر، چاپ هشتم، نشراگه، تهران.
سيروس شميسا، اشنائی باعروض و قافيه، چاپخانه رامين، تهران، ١٣٧٤.